کوردیشن، ئەوانە لەو کەسانە پێکدێن کە زەرمەرمەنی دەستی « PKK » بوون و وای دەبینن کە« PKK » دوژمنی چینەکەیانە. ئەوانە خزمەتی میللەتی سەردەست دەکەن و لە خاوەنەکانی پتر لافی تورك بوون لێدەدەن.واتە ئەوانە خیانەتکاری میللەتی کوردن و بەئومێدن بەم پێوەندی‌یە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن و لەرێگای ئیدارەی حوکـی عورفی‌یەوە خزمەتی دوژمن دەکەن و ئەویش پێ‌بەپێ رێکیان دەخات و دەیانکات بە ئامرازی شەری تایبەتی وەك کۆنترا.

بێ‌گومان خەلکانێکی بەراستی خاوەن باوەر لە نێو «حزب الله»دا هەن بە پێی باوەری خۆیان بانگهێشتن بۆ ئیسلام دەکەن. ئەوانە لە خشتە براون، چونکە بە راستی باوەر بە شۆرشی ئیسلامی دەکەن. بێ‌گومان خەلکانێکی کۆمۆنیستی راستەقینە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا «T.K.P»شدا هەن. بۆ نموونە «حیکمەت کەفەلجەملی» کە ئەندامێکی ئەم حیزبە بوو و لە سالانی سی‌یەوە لەسەر کوردستانی دەنووسی. بەلام ئەمە هەلاواردەیە و مۆری سۆشیالیزمی شۆڤێنی لە حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا ناکاتەوە. ئەمە مانای وایە، هەبوونی هێندێك موسلمانی راستەقینە لە نێو «حزب الله»دا مۆری نۆکەرایەتی ئەو حیزبە بۆ ئیدارەی شەری تایبەت لێ‌ناکاتەوە.

ئێستا هێندێك ئەندامی حزب الله دەلێن: بۆچی تا ئەم رادەیە زولممان لێ‌دەکەن؟ ئایا شایانی ئەوەین ببینە بابەتی ئەم جۆرە هەلسەنگاندنە چەوتە؟ جا لەبەرئەوەی کە ئەوان لە راستی‌یە بابەتی‌یەکانەوە دوورن، پێیان دەلێم ئێوە خەلکانێکی خەیال پلاون، بیرکردنەوە و هەلسەنگاندن لای ئێوە لارێیان گرتووە، چونکە بارودۆخی تایبەتی خۆتان بە سەر هەمووان‌دا دەسەپێنن. پێویستە لەسەرمان پێشیان بلێین: ئایا مێژووی ئاینەکان دەزانن؟ ئایا پێوەندی ئاین بە نیشتمانپەروەری‌یەوە دەزانن؟ دەزانن چۆن ئاین دژی میللەتی کورد بەکاردێت؟ راستی ئاینزا و رێبازە سۆفیتیەکان چی‌یە؟ پێوەندیشیان بە رژێمی تورکیاوە چی‌یە؟ ئایا گەوهەری شۆرشی ئیسلامی دەزانن؟ ئەگەر وەلامی ئەم هەموو پرسیارانەتان دایەوە ـ دیارە موسلمانە راستەقینەکان وەلامیان راست دەبێ ـ ئەوسا تێ‌دەگەن چۆن وەك ئامێر بەکارتان دێنن.

ی.ك: بەلێ ئاپۆی برام.

س.پ: پێویستە بیرمان نەچێ کە هەموو ئەوانەی وا ئەم ماوەیەی دوایی کاری خافلکوژی‌یان کرد و لە پشتەوە تەقەیان کرد، مندالانێکن تەمەنی گشتیان لە نێوان ١٥ـ٢٠ سالیدایە و تووشی مێشك شۆرین هاتوون و بەلێنی بەهەشتیان پێ‌دراوە و دۆلار خراوەتە گیرفانیان. هەتا لەو چوارچێوەیەشدا کە باسمان کرد. ئەم مندالە کە تەمەنی لە ١٥ـ٢٠ سال تێپەرناکات چۆن و لە کوێ ئەم هەموو ئیسلامە فێربوو؟ ئەم مندالە بێکارە و هەژارە و جل و بەرگی نی‌یە. کوردستان بێکاری‌یەکی ترسناکی تێدایە، تەنانەت دەولەت خۆشی گوتوویەتی: ئێمە دەرفەتی کار بۆ ١٥ هەزار کەس دابین دەکەین. ئەمە ئەو کارەیە کە دەولەت گفتی

بیری سەرکردەیان جەنجاڵ کردووە گەلێك زۆرن. من بە ئاپۆی برامم گوت ئەو قسە رەقەی کە بەو هەڤاڵە زیندانیانەت گوت قورسە. هەیانبوو (١٠) ساڵ لە بەندیخانە مایەوە و هەیانبوو (١٣) ساڵ مایەوە و هەشیانبوو (١٥) ساڵ. ئەم قسەیەیان لەبەر دڵ گران دەبێ. بەڵام پێویستە بگوترێت ئەگەر من بوومایە نەمدەتوانی بیڵێم.

س.پ: ئەو هەڵوێستە لوتکەی رێزگرتنە. ئەگەر وا نەبووایە کەم رێزی دەبوو. دیارە قسەکەم روو بە کاڵفامە سادەکان نی‌یە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە قووڵ بوونەتەوە.

ئاف: گەلێك هەڵسەنگاندنی سەرتاسەری لە بابەتەکاندا کران، بە تایبەتی لە ئەدەب و هونەردا. ئەدەب و رۆشنبیری و هونەر وەك لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا وا بووە ناو بە ناو نەشونما ناکات، بەڵکو لەگەڵ شەڕدا نەشونما و گەشە دەکات. هەر بە شەڕ پەرەدەستێنێ. پێم وایە هەمووان ئەوە دەزانن. ئەو شیکردنەوانەش کە حیزب کردوونی وەك رێ پێشاندەری نووسەران و بایەخدەرانی ئەدەب وایە. ئەگەر ئەدیبان چاویان لێ کرد، ئەدەبێکی باڵا بەرهەم دەهێنن. ئەوەی وا سەرکردەش لە بارەی ئافرەتەوە گوتنی زۆر گرنگە و بگرە وەك شۆڕش وایە. رادەی ئازادی لە هەر حیزبێکدا گرێدراوە بە رادەی پێوەندی هەڤاڵانەی نێوان پیاو و ژن. ئەگەر پێوەندیەکانیان ئازاد نەبێ، ئەو حیزبە ئازاد نابێ. هەر جووڵانەوەیەکیش بە ئازادی پەرە نەستێنێ، پێی ناکرێ رێگای ئازادی بکاتەوە. جا لەم رووەوە خولقاندنی پێوەندی ئازاد، بنچینەی ئازادی حیزب و کۆمەڵگایە. بۆیە پێویستە لەسەر هەڤاڵانی نێر و مێ ئەم شیکردنەوانە بکەن بە رێبەری خۆیان و چی هەڵەیان هەیە راستیان بکەنەوە و لە پێناوی ئازادی حیزب و کۆمەڵگادا رێگا بگرنە بەر. ئەمە هێزێکی پاڵ پێوەنەریان دەداتێ و پێوەندی بە ئازادیەکیانەوە هەیە، وەك چۆن پێوەندی بە ئازادی کۆمەڵگاوە هەیە. پێویستە لەسەر هەموو یەکێکمان ئەو بابەت و شیکردنەوانە بکەین بە رێبەرمان کە ئەمڕۆ کە بەرچاوخران تا لە ژیان و پێوەندی رۆژانەماندا بەجێیان بهێنین و وریایان بین بە قەناعەتی من ئەم هەموو بابەتانە گرنگن.

س.پ: «رێ» تۆ چی دەڵێی؟ تۆ لەوانەی کە لە سەرەتاوە بە بایەخێکی زۆرەوە بەدووماندا دێن.

رێ: بەرای من ئەم دیدارە دەوڵەمەند و هەمەلایەنە بوو،وە بوو بە گێرانەوەیەکی باشی مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرکردە. ئەگەر ئەو زانیارانە بەرچاوخراوانە بکەینە چرای رێمان، بێ گومان گەلێك ئەنجامی باشیان دەبێ. باوەڕم وایە چەندەها دەرس و پەند هەن، دەکرێت هەردوو گەلی تورك و کورد بە دەستیان بێنن. رەوتی ئەم گفتوگۆیەش رەوان بوو. ئەو پرسیارانەی کە کران و ئەو وەڵامانەش کە درانەوە سەرتاسەری قووڵ بوون و پڕ بە پێستی ئامانجەکانیان بوون. تێڕوانینم هاوجۆری تێڕوانینی مامۆستای گەورەمانە کە بڵاوکردنەوەی ئەم

